# تەعریب هەرماوە ئەحمەد دەشتی

بەپێی هەواڵەکانی ناوەوەی کوردستان و دەرەوە ، لە شاری کەرکوک دا هیچ هەنگاوێک لە لایەن حکومەتی کاتی عێراقی وهاوکاری کردنی ئەو ڕژێمەی ئێستا بۆ گەرانەوەو یارمەتی دانی ئاوارە بەزۆر دەرکراوەکان بەدەستی بەعسیە خوێنرێژەکان نەهاویژراوە و ناهاوێژرێ و هەتا ئەمرۆش ئەو ئاوارانەی کە گەرانەتەوە شاری کەرکوک زێدی باوک و باپیرانیان و هەر بێ شوێن و بێ جێگەو رێگەن و لە ژیانێکی سەخت و زۆر نالەبار دا دەژین و گەلێک لەو ئاوارانەی کە جونەتەوە ناو شاری کەرکوک هەنوکەش بێ بەشن لە ژیانێکی ئاسایی و زۆریان کە خاوەنی ملک و خانوو بەرەی خۆیان بوینە پێش دەرپەراندنیان لە ناو شاری کەرکوک و نیشتە جێ کردنی عارەبەکان لە شوێنەکانیان و دامەزرانیان لە سەر ماڵ و ملک و خانوبەرەکانی کوردان و تەرعریب کردنی شاری کەرکوکی دڵی کوردستان ئێساش هەر وا ماونەتەوە ، سەر چاوەی هەواڵەکانی شاری کەرکوک ڕادەگەیێنن کە ئێستاش هەروەک رۆژگارانی سەدامی بەعسیەکان وان و خەلکی شاری کەرکوک هەر دڵ بە ئازارو ڕەنج دیدە و چەوساوەن و کەمتر ئاوڕ لە ژیانیان دەدرێتەوەو ئەو هەموو زولم و زۆرداریەی کەسالهای ساڵ و بە زوری زورداری بەسەریان داسەپێندرابوو چارەسەر نەکراوە و تەنانەت و هەواڵەکان وا دەر دەکەوێت کە لە لایەن ترۆ ریستەکان و بەعسیەکانەوە هەرەشەیان لێ دەکرێتو ڕژێمی ئێستای عێراق وا کۆنە بەعسیەکانی کە لە سەر کاربوون وردە وردە دەیانگێڕنەوە سەر کارو باری جارانیان و هەمان هەست و بیرو بۆچون و ڕەفتار و کردەوەکانی کۆنە بەعسیەکان ئێستاش هەروەک جارانەو بگرە خەراپتریشن و لە ژێرەوە ڕا بەتەواوی دەستیان لە گەڵ ترۆریستان تێکەڵاو کردووەو بگرە هەر ئەوانن کە کاری ترۆریستی لە ژێرەوە ئەنجام دەدەن ودژبە کوردن و نالەباریەکانی ڕۆژگارانی سەدامی وا بە شێوەیەکی خەراپتر دەژیێننەوە .سیاسەتی تەعریب دیارە کە هیچ گۆڕانکاریەکی بەسەردا بۆ نەهێشتن و بن بڕ کردنی بەسەر دا نەهاتووە ، ئێستاش لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوک لە بوونی 16هەزار کارمەند لەو شارەدا تەنانەت 200کورد هەیەو زۆربەی ئەو کارمەندانەی کە هەن هەمان بەعسیە ئاوردەکانن کە رژێمی سەدامی دایمەزراندبوون و هەتا ئەمرۆش هەر لە سەر کارن و وەک جاران ماونەتەوەو تائێستا کوردە دەرکراوەکانی کە سەدامیان لەو کۆمپانیایە دەری کردوون ڕێگە نەدراون کە بگەرێنەوە سەر کارو باری خۆیان و ئەوانیش وەک هەموو ئاوارەکانی کە لە ناو ماڵ و حاڵی خۆیان دەرپەرێندرابوون هیچیان بۆ ناکرێت و نایانگێڕنەوە سەر کارو باری پێشویان،هەموو ئەم دیاردانە وا نیشان دەدەن کە هێشتان سیاسەتی تەعریب کردن و کورد ئاوارە کردن ماوەو هیچ گۆڕانکاریەکی بە سەر دا نەهاتوەو ئەم جۆرە سیاسەتەش لە داهاتودا زێتر پەرەی پێ دەدرێت و دیسان ئاکامەکانیان بەرەو شەرو نائارامی و ناخۆشی دەبات وهۆکارەکانی ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی کە دەسالاتدارانی ئەمرۆش لە دوای ئەو هەموو ماڵ وێرانی و کارەساتانەی کە زۆر لەمێژە دوژمنانی کوردو کوردستان بە سەر کوردیان هێناوە ، هەمووی دەگەرێتە سەرئەوان.

بەپێی هەندێ هەوالی تر وا ڕادەگەیێن کە ئەو کوردانەی گەراونەتەوە ناوچەی خانەقین و جەلە ولا هەندێک لە لاوەکان کە بەم دواییە نەزێکەی سی چل کەسێک داوایان لە بەرێوە بەرایەتی پۆلیسی بەعقوبە کردووە کە لە رێزی پولیس دابمەزرێندرێن بەلام دوای ماوەیەک چاوەروانی بە نامەیەکی ڕەسمی کە لە لایەن پارێزگاری دیالا عەبدوللا جبوری مور کراوە

داواکانیان ڕەت کراوەتەوە،خودی داواکاران ڕایان گەیاندووە کە تەنها هۆکار ئەوەیە کە ئەوان کوردن بۆیە وەر نەگیراون،ئەمانەو گەلی لە کردەوەکانی تری شۆڤێنیەعارەبەکان و کۆنە بەعسیەکان هەمووی نیشانەی مانەوەی هەستی بە عەرەب کردن و دوژمنایەتی کردنی گەلی کوردە کە من وەک کوردێک پێم وایە تا ئەو ڕۆژەی کە ئێمەی کورد وەلاتێکی سەربەخۆی خۆمان نەبێت و بە یەکجارەی لە چارەی دوژمنانی کورد دوور نەکەوینەوە ئەوا ئەوبایە لەو کونەوە هەرگیز نابڕێتەوەو بگرە ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەلی کورد بە هێز تر دەبێت و دیسانەکە لە کوردستان دا کارەساتەکانمان بۆ دەگێڕنەوە،هەرچەند ئێمە بە براو هاوکارو نەزیکیان بزانین ئەوان هەر ئەوەن کە هەن و واش دەبن.دەسا بەسە با ئێمەی کوردیش بە گیانی یەکبوون بەرەو ڕزگاری هەمیشەیی هەنگاو باوێین و کوردستان و گەلی کورد بەرەو وەلاتێکی سەر بەخۆیی کوردستان هان بدەین و دەستی داگیرکەرانی کوردستان بە یەک گرتن لە بن را ببڕین و ئێتر ئێمەش وەک هەموو گەلانی جیهان با خاوەنی خۆمان بین و ببین بەخاوەن قەوارەیەکی میللی کورد و کوردستان.

## باوەر بە دوژمن

تامنیش ئـــالاو خـــاکی خـــۆم نەبێ
کوردســـــتانی من ســـــەربەخـــۆنەبێ
کورد لە ماڵی خۆی ژێنی شـــــاد نابێ
هـەرپەرێشـــــان و دڵ بـــــرین دەبێ
ســـــا وەرن کـــوردە با یەکتر بگرین
بۆ سەربەخۆیی کوردســـتان بمـرین
بەســـــیە هــــەتاکەی ئـــازار و گـــرین
تاژێر دەســــــتە بین چــــا نابێ برین
گەر خۆمان هەبین بەگیانی یەکبوون
دوژمن قاودەدەین‌دەیانکەین زەبوون
هەرکێ بە دژمن هـەیبێ باوەڕ بوون
ڕزگاری نــــــابێ لە ڕۆژگـــاری دوون
1.11.2004 ⁕